Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

10.24271/jgu.2023.1010012

# بنیاتی شوێن لە دەقی شانۆیی (ئەوانەی توونی بابا چوون)ی (ئەحمەد سالار)دا

**عطا رشید حسێن ، پەخشان علی احمد**

بەشی کوردی، کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی

***Article Info***

Received: November, 2022

Revised: January, 2023

Accepted: April, 2023

***Keywords***

شوێن، توونی بابا، ئەفسانە، دەقی شانۆیی

***Corresponding Author***

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە، بە ناونیشـــانی (بنیاتی شـــوێن لە دەقی شـــانۆیی "ئەوانەی توونی بابا چوون"ی "ئەحمەد ســـالار"دا)، تێیدا باس لە گرنگی و ڕۆڵی شـــوێن و پەیوەندی نێوان ئەفسانە و شانۆ دەکرێت بەتایبەتی لەو دەقە شانۆییەدا، کە نوسەرەکەی (ئەحمەد سالار)ە و بە یەکێك لە دیارترین درامانووسانی هاوچەرخی شانۆی کوردی دادەنرێت، کە ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەیە لە ڕادە و توانای ســـوود وەرگرتنی لە بابەتە فۆلکلۆرییەکان و لە نێویشـــیاندا بابەتی ئەفسانە.

دیارە هەڵبژاردنی بابەتەکەش، بۆ گرنگی و نـاوەڕۆکی دەقەکە دەگەڕێتەوە، کە ڕووداو و بەســەرهاتی بێســەر و شــوێن کردنی هونەرمەند (قادر کابان)ە٠ مەیدانی ســەرەکیش(توونی بابا)یە،کە شـــوێنێکی واقیعییە و ڕووداوەکانیش پەیوەندییان بە قۆناغی مێژووی ســـاڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی حوکمڕانی ڕژێمی بەعسەوە هەیە. ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە لــە پێشەکی و دوو بــەش پێکهاتووە: بەشی یــەکەم چوار تەوەر لــە خۆدەگرێت، کــە بریتین لە پەیوەندی نێوان ئەفســانە و دەقی شــانۆیی، توونی بابا و ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی،چەمك و پێناســەی شــوێن لەگەڵ جۆر و تایبەتمەندییەکانی شــوێن. بەشی دووەمیش لە یەک تەوەر پێکهاتووە، کە ئەویش تایبەت کراوە بە لایەنی پراکتیکی و شیکاری دەقە شانۆییەکە لە ڕووی شوێنەوە بە شێوەیەکی زانستیا

## پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (بنیاتی شوێن لە دەقی شانۆیی "ئەوانەی توونی بابا چوون"ی "ئەحمەد ســالار")دا ئەنجام دراوەو هەوڵێکە بۆ ناساندن و خستنەڕووی ڕۆڵ و گرنگی شوێن لەو دەقە شـــانۆییەدا. بۆ ئەو مەبەســـتەش بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی ژیانی مرۆڤ هەر لە کۆنەوە، تائێســتا بۆمان دەردەکەوێ، کە شــوێن ڕۆڵی ســەرەکی و کارای بینیوە لە ژیانی مرۆڤدا، هەربۆیە ئەم ڕۆڵ گێڕانەش لەگەڵ بەرەو پێشـــچوونی قۆناغەکانی ژیاندا زیاتر گەشەی کردووەو پەرەی سەندووە.

تەنانەت وای لێهاتووە لە هەمووکایەکانی ئەدەب و هونەریشدا ڕەنگ بداتەوەو نووسەران و هونەرمەندانیش بەهەند وەریبگرن و ئاوڕی جدی لێ بدەنەوەو لە بنیاتی گەلێك لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی پێ بدەنەوەو کاری لەسەر بکەن و بە پێی پێویستی ڕووداو و کارەکتەرەکان و گونجاندنی شـــوێنەکان لەگەڵیاندا بەکاری بهێنن٠ لەو ڕووەشـــەوە پەیوەندییەکی بەتین و کاریگەر لە نێوان هونەری شـانۆ و ڕەگەزی شـوێندا هەیە و سروشـتی هونەری شـــانۆش وەهایە بە بێ بوونی شـــوێن ناتوانرێ نمایش بکرێ و شوێن مەیدانی گۆڕانکارییەکانە.

واتە شوێن بەشێکە لە فەزای شانۆ،جا ئیدی ئەو شوێنە واقیعی بێت، یان خەیاڵی بێت؛ بۆیە هونەری شـــانۆش وەکو ژیان پێویستی بە شوێن هەیە، تا ببێتە مەیدانی ڕووداوەکان و شانۆی وردەکارییەکان و وێنەی کارەکتەر تیایدا، تا بە هۆیەوە پەیامی خۆی بگەیەنێ و بیدات بە گوێی خوێنەران (بینەران)دا، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ درامانووس زۆر بـە وریایی و ئاگاییەوە مـامەڵە لەگەڵ شوێندا بکات و وەســـفی پێکهاتەکانی و ســـــــروشتی و شـتەکانی ناوی بکات و تۆماریان بکات،چونکە شـوێن بەهایەکی بەرزی ئیستاتیکی هەیە لە بنیاتی دەقدا٠

**. هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:**

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،کە وەکو پێویســت ئاوڕ لەو دەقە شـــانۆییە بەتایبەتی لە ڕووی ڕەگەزی شـــوێنەوە

نەدراوەتەوەو بە شـــێوەیەکی زانســـتیانە لێکۆڵینەوەی لەســـەر نەکراوە.

**. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا،پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاری کراوە.

**. بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە،جگە لە پێشـــەکی لە دوو بەشی ســـەرەکی و ئەنجام و لیســـتی ســـەرچاوەکان پێکهاتووە، بەم شـــێوەیەی خوارەوە:-

بەشی یەکەم: لایەنی تـــیـــۆری گـــرتـــۆتەوەو لەم تەوەرانە پێکهاتووە،کە بریتیین لە:-

تەوەری یەکەم: پەیوەندی نێوان ئەفسانە و دەقی شانۆیی.

تەوەری دووەم: توونی بابا و ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی.

تەوەری سێیەم: چەمك و پێناسەی شوێن.

تەوەری چوارەم: جۆر و تایبەتمەندییەکانی شوێن.

بەشی دووەمیش، تایبەت کراوە بە لایەنی پراکتیکی و شـــیکاری دەقە شانۆییەکە لە ڕووی شوێنەوە بە شێوەیەکی زانستیانە.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشـدا، ئەنجام و لیسـتی سـەرچاوەکان و کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمـانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

**بەشی یەکەم**

**. پەیوەندی نێوان ئەفسانە و دەقی شانۆیی**

وەك ئـاشـــکرایە، بـابەتی ئەفســـانە "یەکەمین قۆنـاغی بیرکردنەوەی فەلسـەفەی مرۆڤە و یەکەمین قۆناغە، کە مرۆڤ بەرەو هێمـا ببـات و تێیـدا هێمـا ببێتە کەرەســـتەی دەربڕین" (ســـمۆ، ٢٠٠١، ٢٩). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەفسـانە جۆرێکە لە هوشـــیاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ و "بە هەوڵـدانێکی ســـەرەتایی مرۆڤ ئەزانرێ بۆ ئەوەی لە جیهان بگات و جیهان بناسێت" (ڕەسوڵ، ١٩٧٩، ١٥) و بەرهەمێکە زادەی خەیاڵە و مرۆڤ بە درێژایی مێژوو و بە مەبەســـتی درێژەدان بە ژیـان "ئەفســـانەی کردووە بە هۆیەك بۆئەوەی شـــەقڵی بیروباوەڕ بـدات لە تـاقیکردنەوەی ژیـانی خۆی و واتـایەکی فەلســـەفی ببەخشێت بە ڕاستەقینە ئاساییەکانی ژیانی، تا دڵنیا بێ بەرانبەر بەو هەموو پەنهانییەی لە گەردووندا هەیە و دەســـتی ناگاتە ئاشـــکراکردنی و بەم هۆیەوە ویســـتوویەتی خۆی لە ترس ڕزگار بکات" (موکری، ١٩٨٤، ٣٩).

کەواتە ڕەنگدانەوەی ئەفســـانە لە ژیانی مرۆڤدا، بۆ ئەوە بووە، کە ویســـتوویەتی لە ڕێی ئەفســـانەوە هەســـتی دەروونی خۆی هەڵڕێژێ، تا دڵی ئارام بگرێ لە گەردوون و سروشـتێکدا، کە ئەو بەتـرســـەوە تـێـیـدا دەژی. لەمەوە بـۆمـان دەردەکەوێ، کە "ئەفســـانە بەرهەمی لە مـێژینەی هەمـوو مـرۆڤـایەتـییە و بەرهەمێکی هەمەلایەنەیە و لە ئەنجامی پێویســـتییەکانی ژیان و ئـارەزووە لە بـن نەهـاتـووەکـانی مـرۆڤ کەڵەکەی کـردووەو کۆبووەتەوەو گەیشـــتۆتە ئەمڕۆ. لەو ڕۆژەوە مرۆڤ چـاوی کراوەتەوەو بیری کردۆتەوەو زمانی پژاوە، ئەفسـانەش بە شـێوە سـەرەتاییەکەی خزاوەتە ناو بیرکردنەوەی" (حەسـەن، ٢٠٠٧، ٦٠).

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشـــدا، هەرچەندە "ئەفســـانە لە فۆلکلۆری گەلاندا بە شـتێکی کۆن دەژمێردرێ، چونکە بەرهەمی ئەو کاتەیە، کە ئادەمیزاد دەسـتەوەسـتان و بێ دەسـەڵات ڕوو بە ڕووی سروشـت وەسـتاوەو هیچ ڕووداوێکی سروشـتی بەرێکی بۆ لێك نەدەدرایەوەو تێی نەدەگەیشت و دەسەڵاتیشی. بەسـەریدا نەبوو، بۆیە دەرگای بیرکردنەوە و ئەندێشـەی دەخسـتە ســـەر پشـــت، بەو جۆرەی، کە ئەم ئەفســـانانەی لێ هاتە بەرهەم و هەموو شـتی لێك دەدایەوە" (شارەزا، ٢٠٠٥، ٨)، کەچی بابەتی ئەفســـانە بە درێژایی هەموو ئەو قۆنـاغە مێژووییانەی پێیدا تێپەڕیوە توانیویەتی بەشـــێکی بەرچـاو لە ڕووپێوی ئەدەبیـاتی گەلانی جیهاندا داگیربکات و زانایان و نووسـەران و شـاعیران بە گرنگییەوە لێی بڕوانن و کاری لەســـەر بکەن و لە بنیاتی گەلێك لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیـانـدا ڕەنگی پێ بـدەنەوەو ســـوودی لێوەربگرن. بەتایبەتیش "لە دوای پێگەیشـــتنی هزری مرۆڤ و پێشـکەوتنی زانسـت، ئەفسـانەکان لە زۆر بواردا تۆمارکراون و بـوونە دەق. لە بـوارەکـانی وەك: (مـێژوو، کـۆمەڵـنـاسی، ئەنثرۆپۆلۆژیـا) و بواری دیکەش لیکۆڵینەوەیـان لەســـەرکرا، ئەدەبیش دەســـتە وەســـتان نەوەســـتا و ئاوڕی لە ئەفســـانە داوەتەوە. ئەفســـانەکان هەر لە کۆنەوە مـادەیەکی جێگیر و دەوڵەمەن بوون و نووســـەران لە هەموو ژانرەکـانی ئەدەبـدا ئیلهامیان لێوەرگرتووەو کارەکانی خۆیـان پێ دەوڵەمەند کردووە، بـــــەتایبەتی ئەوانەی بەشـــێوەیەکی جوان لەناو دەقەکانیاندا مەزراندوویانە و بە لق و پۆپی دەقەکانیان لکاندووەو ڕەهەندێکی قووڵتریان بە بەرهەمەکە داوە." (عەلی، ٢٠١٢، ١١٤- ١١٥).

ئەمەش وایکردووە، بابەتی ئەفســـانە دەرفەتێکی باش بـــــۆ نووســـەران بڕەخسـێنێت، تا بـــــەهۆیەوە بتوانن مەبەسـتە ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆکانیان بدرکێنن و بیدەن بە گوێی گوێگراندا.

لەو ڕووەشـەوە هونەری شـانۆش، کە بەشـێکی گرنگ و باڵا و بە نرخی ژانری هونەر و ئەدەبە و بە درێژایی مێژووی ســـەرهەڵدانی شـــانۆ نووســـەران و شـــاعیران بە پێی توانـا و ســـەلیقە و بەهرەمەنـدیـان هەوڵیـانـداوە کەم، تـا زۆر ســـوود لە بـابەتی ئەفسـانە وەربگرن لە بنیاتی دەقە شـانۆییەکانیاندا بەرجەسـتەی بکەن و بنیاتی دەقەکانیانی پێ تۆکمە بکەن و بەهۆیەوە پەیامی خۆیان ئاڕاستەی خوێنەران و بیسەران بکەن.

هەربۆیە گەلێك لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی هاوچەرخ لەو باوەڕەدان، کە هەر دوو بابەتی شـانۆ و ئەفسـانە هەر لە سـەردەمی یۆنانییە کۆنەکانەوە، تا ئێســـتا پەیوەندییەکی بەتین لە نێوانیاندا هەیە و وایکردووە، کە نووسـەران و شـاعیران بە جۆش و خرۆشـێکەوە تەماشـای ئەو سـەرچاوە دەوڵەمـــــەندەی مێژووی مرۆڤایەتی بکەن، چـونکە بـابەتی ئەفسانە فراوانی و ئاسۆیەکی ئینسانی پان و بەرین بە تـاقیکردنەوە ئەدەبییەکانیـان دەدات و بەهۆیەوە بەرهەمە شانۆییەکانیان دەبن بە بەرهەمی نەمر بۆ مرۆڤایەتی.

کەواتە گەڕانەوەی شـاعیران و نووسـەرانی نوێ و هاوچەرخ لە سەدەی بیستەمدا بۆ بابەتی ئەفسانە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ، کە هەسـتێکی نوێ لە لای شـاعیران و نووسـەران دروسـتبووە بەرانبەر بە ڕابردوو بە هەموو ڕووداو و بەســـەرهـاتەکانییەوە بەتـایبەتیش "لە ئەنجـامی پەیـدابوونی تەنـگ و چەڵەمەی ئینسـانی نوێ لە سـایەی شـارسـتانیەتی زانسـتی و تەکنۆلۆجیای نوێی جەنجاڵدا" (اســـماعیل، ١٩٧٨، ٢٣)، هەربۆیە، گەر لە

ڕووی ڕەنگدانەوەی بابەتە فۆلکلۆرییەکان بەگشتی و بابەتی ئەفسانەش بە تایبەتی لە بواری هونەری شانۆدا بکەین، دەبینین لەگەڵ سەرهەڵدانی هونەری شانۆی کوردیدا پەیوەندییەکی تەواو و کاریگەر لە نێوانیاندا بەرچاودەکەوێ، بۆ نموونە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر و ئەژدەهاکی زۆردار..... تد.

بێگومان، هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ توانا و ڕادەی زانیاری و ڕۆشنبیریی ئەو شاعیر و نووسەرانە و ئاگاداربوونیان لە ئەفسانە و بابەتە فۆلکلۆرییەکان، ئەوەش لە ڕێگەی خوێندنەوەو بیستنیانەوە لە نێو خەڵکیدا و لە پێناو بەهێزکردنی دەقە شانۆییەکانەوە بووە، تا زیاتر کاریگەری بە خوێنەران و بینەرانی شانۆ بدەن و زیاتر چێژ لە دەقە شانۆییەکان وەربگرن و هونەرمەندانە لە بنیاتی دەقە شانۆییەکاندا ڕەنگی پێ بدەنەوە، چونکە "ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و و کلتورییە و پەیوەندییەکی پتەوی بە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەبووە و ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشکەوتنی ڕەوتی ژیانی ڕۆژگارەکەی گێڕاوە. هەروەها زادەی هزر و تێڕوانین و جۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی بووە، کە لە ڕووی ناوەڕۆك و تەکنیکەوە ئەو کارانە بە گوێرەی خۆیان ڕەگەزی درامییان تێدایە، وەك دووبەرەکی و ڕووداو و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بەدیارخستنی لایەنەکانی خێر و شەڕ" (عەولا، ٢٠١١، ١٧٧).

لە ڕاستیشدا، بەکارهێنانی هەموو ئەو ڕەگەز و بنەما و بابەتە فۆلکلۆرییانەش زیاتر بۆ گەیاندنی مەبەست و ئامانجەکانی درامانووسان بووە. لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوە بووە، تا ئەو بابەتە فۆلکلۆرییانە و ئەفسانەش لە نێویاندا لە ون بوون و لە فەوتان بپارێزن و بەهۆیەوە پەیوەندییەکی ڕۆحیش لە نێوان خوێنەران و بینەران و بابەتە فۆلکلۆرییەکاندا دروست بکەن، تا بە گیانی خۆشەویستییەوە تەماشای ئەدەبی کوردی و بابەتە فۆلکلۆرییەکان بکەن و شانازیشی پێوە بکەن.

ئیدی بەو شێوەیە، درامانووسانی کورد بە پێی هەلومەرج و ڕەوتی قۆناغە مێژووییەکانی کۆمەڵگای کوردی هەوڵیانداوە ئەو بابەتە فۆلکلۆریانە و بەتایبەتیش ئەفسانە کەم، تا زۆر لە بنیاتی گەلێك لە دەقە شانۆییەکانیان ڕەنگ پێ بدەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش لە گەلێ ڕێگە و بە گەلێ کەرەستەی هەمەجۆر چوونەتە مەیدانی تاقیکردنەوەی ئەفسانەییەوە.

لەو چوارچێوەیەشدا،(ئەحمەد سالار) بە یەکێك لە دیارترین درامانووسانی هاوچەرخی شانۆی کوردی دادەنرێت، کە هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵ ئەفسانەدا کردبێت بە مەبەستی خوڵقاندنی ململانێ لە نێوان ڕەگەزەکانی هێزی خێر و هێزی شەڕدا، وە یان پەنابردنە بەر نموونەی هەرەگەورەی هێزی خێر و میهرەبانی بۆ ڕزگارکردنی گەل و نیشتمانەکەی لە وێرانکاری و کارەساتی دەستکردی هێزی شەڕ و خراپەکاری.

واتە پشکی شێری بەردەکەوێ، کە لەو بوارەدا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەیە لە ڕادە و توانای سوود وەرگرتنی لە بابەتە فۆلکلۆرییەکان و لە نێویشیاندا بابەتی ئەفسانە، چونکە لە بابەتی ئەفسانەدا لە پێکهاتەکەیدا مانا و مەبەستی بەهێز و قووڵیان تێدایە و مەسەلەی خێر و شەڕ لە ژیانی مرۆڤدا چارەسەر دەکەن و ڕێنماییان دەکەن و ئاستی هوشیاریان بەرز دەکەنەوە، تا بەهۆیەوە بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ژیاندا بکەن و لە هەمان کاتیشدا لەڕووی دەروونییەوە قووڵییەکی سایکۆلۆژیشیان داوە بە دەقە شانۆییەکان.

هەر بۆیە، گەر بە ئەمانەتەوەو بەشێوەیەکی زانستیانە تەماشای ئەو دەقە شانۆییانە بکەین، کە "ڕۆژگار حوکمی جوانی و نەمریی بەسەردا داون، دەبینین نهێنی ئەو جوانی و نەمرییەیان لەوەدایە، کە مەسەلەی ململانێی نێوان ئادەمیزاد و هێزی شەڕ کراوە بە بابەتی ئەو جۆرە بەرهەمانە" (شارەزا، ٢٠٠٥، ٢٧)، تەنانەت زۆرجاریش ناوی بابەتە ئەفسانەییەکە بۆتە ناونیشانی دەقە شانۆییەکە، نموونەی ئەمەش وەکو دەقی شانۆیی (ئەوانەی توونی بابا چوون).

**. توونی بابا و ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی**

سەبارەت بە دەربڕین و پێکهاتەی (توونی بابا) لە ڕووی زمانەوانییەوە، دەبینین لە نێو بنیاتی دەستەواژەکەدا لە هەردوو وشەی (توون) و (بابا) پێکهاتووە. جا بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی وشەکان بە پێویستمانزانی ڕوو بکەینە نێو فەرهەنگەکانی زمانی کوردی، تا زیاتر لە واتای وشەکان تێبگەین و زانستیانە شەن و کەوی بکەین. بۆ نموونە وشەی (توون) بە واتای (ئاگردانی گەرماو) و (جەهەننەم ـ دۆزەخ) بەکارهاتووە. (هەژار، ١٣٨١، ١٥٦) هەروەها وشەی (بابا)ش بە واتای (باپیرە)، یان باوە گەورە بەکارهاتووە، جا باوکی باوك بێت، یان باوکی دایك بێت. (موکریانی، ٢٠١٢، ٨٠).

لە ڕاستیدا، لە ڕووی زمانەوانییەوە "هەندێ وشە هەن، هێزی پەرجوو و جادوو و زانستیان هەیە و کاری سەیر دەکەن و گۆڕانی گەورە دێننەبوون. بۆ نموونە لە ئەفسانەی کوردیدا زۆر وشە هەن، کە سەرەتای قۆناغێکی گرنگن و گۆڕانێکی گەورە لەوانەوە دەست پێدەکات" (حەسەن، ٢٠٠٧، ١٧٧ـ ١٧٨)، ئەمەش بەزەقی لە (توونی بابا) دا دەردەکەوێ. هەربۆیە، (توونی بابا)ش وەکو نموونەیەکی ئەفسانەی کوردی "بەردەوام نمایشی سەر جۆرە شوێنێکە، جا ئەو شوێنە شوێنی ئاسایی و ناسراو بێ، یان شوێنی ئەفسانەیی.. شوێنیش بۆخۆی بۆ حەکایەتی ئەفسانەیی هێزێکە جیا لە شوێنی ئاسایی و هێزێکە لە هێزەکانی ئەفسانە" (حەسەن، ٢٠٠٧، ١٨١)، بەڵام لە واقیعدا (توونی بابا) شوێنێکی واقیعییە و دەکەوێتە خۆرئاوای قەزای دەربەندیخان سەر بە پارێزگای سلێمانی.

دیارە، لە ڕووی بەرهەمی ئەدەبییەوەو بە پێی قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردی ئەو شوێنە (توونی بابا) بۆتە کەرەسە و هەوێنی گەلێک بابەتی ئەفسانەیی و ئیدیۆمی کوردی و لە ڕووی واتاوە، واتا و چەمکێکی خراپی لە هزری تاکی کورددا دروستکردووە. بۆ نموونە لە نێو تاکی کورددا دەوترێت:- "ئاوی ئاموون و توونی بابا چێت" (عەلی، ١٩٨٢، ٤٣) واتە "ئاوی ئاموون: چەمێکە لە ئاسیای ناوەندا بە قەراغ شاری خوارەزم دا دەڕوات و لە نێوان تورکستان و خۆراساندایە. هەروەها (توونی بابا)ش دۆڵ و دەرەیەکی زۆر دوور و درێژ و بە پێچ و پووچە لەولای (دەربەندیخان)ەوەیە" (عەلی، ١٩٨٢، ٤٣).

هەروەها (زەکیە ڕەشید محەمەد)یش هەمان ڕاو بۆچوونی هەیە و دەڵێت :- "ئاوی ئاموون بە چەمێکی شوم ناو دەبرێت، توونی باباش دۆڵێکی پێچاوپێچی ناو کۆمەڵێك شاخە سەری

لێدەرناکرێت" (محەمەد، ٢٠٢١، ١٢)٠ واتە هەرکەسێك ڕێی بکەوێتە ئەو دوو شوێنە بە ساغ و سەلامەتی ناگەڕێتەوە. کەواتە لە ڕووی واتاوە واتایەکی زۆر خراپ و ناخۆشی هەیە و بە کەسێك دەوترێ، کە زۆریان ڕق لێی بێ و بڕوات و نەیەتەوە، واتە ئەو کەسە بمرێت و جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ ژیان کردن، کەواتە بۆ دوعاکردن بە مەبەستی خراپ بەکاردێت.

شایانی باسە، هەرچەندە (ئاوی ئاموون و تووتی بابا چێت) ڕستەیەکی ئیدیۆمییە و "یەکێکە لەو فۆرم و قاڵبانەی، کە ئیدیۆمی تێدا دەردەکەوێت" (حسەین، ٢٠٠٩، ٨٩) و جیاوازە لە ڕستەی ئاسایی و "لە ڕووی واتاییەوە، یەك یەکەی واتاییە و دەبێتە هێما و ئاماژە بۆ چەمکی نوێ، ئەمەش یەکێکە لەو سیفەتە بنەڕەتیانەی، کە ئیدیۆم لە هاو فۆرمەکانی جیادەکاتەوە" (حسەین، ٢٠٠٩، ٤٩)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دروستبوون و هاتنەکایەی ئیدیۆم لە زماندا، گرنگی زمان و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی هێناویەتییە کایەوەو دەربڕینێکی بێ مەبەست نییە، بەڵکو بەمەبەستی گەیاندنی چڕترین و قووڵترین مەبەست هاتۆتەکایەوە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە درامانووسیش لە ڕوانگەی دڵسۆزی وخەمخۆرییەوە بۆ گەل و نیشتمانەکەی دەیەوێ بە ناڕاستەوخۆ و بەهۆی بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە دەستەواژەی (تووتی بابا)، کە لە نێو خەڵکی کورددا واتایەکی خراپی هەیە، پەیامە سیاسییەکەی خۆی بگەیەنێت بە خوێنەران و بینەران و تەواوی گەلی کورد، کە تێیدا هونەرمەندی گەورەی کورد (قادر کابان)[1] لەسەر دەستی ڕژێمی فاشیستی بەعس بێسەر و شوێن کرا و لەناوبرا.

**. چەمك و پێناسەی شوێن**

شوێن یەکێکە لە بنەما و ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەق شانۆ، کە فەزایەکی ماتریاڵی پێك دەهێنێت٠ واتە "شوێن ئەو چوارچێوەیەیە، کە خاوەن پێگەیەکی مادییە و بنیاتی دەقەکەی لەسەر دادەمەزرێت و دەگاتە ئاستی پێویست بۆ ڕەگەزەکانی تری وەکو ڕووداو و کارەکتەر و کات" (العوفي، ١٩٨٧، ١٤٩)٠ بە واتایەکی تر، شوێن "ئەو چوارچێوە جوگرافیا سروشتیەیە، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات" (سەعید، ٢٠١٣، ١٧٧)٠ واتە شوێن تەختەی ڕووداوەکانی دەقە شانۆییەکەیە و لە هەر دەقێکیشدا شوێن قەبارەو ئەندازەی خۆی هەیە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شوێن لەناو هەردەقێکی شانۆییدا بایەخ و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەروەکو ڕەگەزەکانی تری وەکو کات و کارەکتەر و ڕووداو. گومانی تێدا نییە، بوونی شوێن لە هەموو دەقێکی شانۆییدا بە شێوەیەك گرنگە، ئەگەر هەر دەقێکی شانۆیی ڕەگەزی "شوێن لەدەست بدات، مانای وایە ئەو دەقە تایبەتمەندێتی خۆی لەدەست دەدات و پاشانیش ڕەسەنایەتییەکەی نامێنێت" (باشلار، ١٩٨٠، ٦). بەواتایەکی دیکە، شوێن "فاکتەرێکی گرنگە لە بونیادی جەستەی نمایش و تەواوکردنی ئەو وێنە درامییەی، کە نمایشی- شانۆیی بە وەرگری دەگەیەنێت" (عەزیز، ٢٠٢١، ٤٨٦)٠ هەروەها شوێن بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەردەوامەی، کە بە ڕووداو و کارەکتەرەکانەوە هەیەتی "بەشداری لە پێکهاتە و دروستبوونی کارەکتەرەکان دەکات بۆ ئەنجامدانی ڕووداوەکان، کە لە دەروون و ژیانی ڕۆژانەیاندا بەرجەستە دەبێت" (ئیبراهیم، ٢٠١١، ١٤٦).

تەنانەت هەندێکجار شوێن دەبێتە بەشێك لە پێکهاتەی بنیاتی کەسێتی کارەکتەر و هێما بۆ ژیانی تایبەتی دەکات و بەهۆیەوە خوێنەر (بینەر) ئاشنا دەبێت بە باری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو کارەکتەرە٠ واتە خوێنەر (بینەر) بەهۆی شوێنەوە دەتوانێ "لایەنێکی ئەو کارەکتەرانەی بۆ ڕوون بێتەوە، کە لەو شوێنانەدا دەژین" (مەجید، ٢٠٠٨، ٧٨)، چونکە شوێن ئەو فەزایەیە، کە ئامادە دەکرێت بۆ ئەکتەر، تا بەهۆیەوە بتوانێت تیایدا ئەدای وەزیفەی خۆی بکات.

شوێن لە هەر دەقێکی شانۆییدا تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر جیاوازە، چونکە بە پێی سەردەم و قۆناغ و جۆر و پێکهاتەی ڕووداوەکان جۆری دەقە شانۆییەکە گۆڕانکاری بەسەر ڕۆڵ و گرنگی شوێن و شێوازی بەرجەستەکردن و ڕەنگدانەوەیدا دێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ناکرێ بە هیچ شێوەیەك فەرامۆش بکرێ،

([1]) قادر کابان، ناوی (عەبدولقادر جەلال مەحمود)ە، لە ساڵی ١٩٣٧ لە گەڕەکی مەڵکەندی لە شاری سلێمانی لە دایك بووە٠ لە ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ خاتوو (نەسرین کەریم حەمەسور) ژیانی هاوسەریان پێکهێناوەو سێ منداڵیان بەناوەکانی (کاروان، کاوان، کوێستان) بووە٠ هونەرمەند ( قادر کا بان) لە سەرە تای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی بەکاری هونەری کردووەو خاوەنی چەند بەرهەمێکی گۆرانییە، کە تائێستاش بە نەمری ماونەتەوە، لەوانەش وەکو :- (هەی شەمی شەوان، بۆ کچێکی شۆخ و شەنگ و فریشتە، ڕوومەتی وەك گوڵی بێگەرد، ... تد).

(قادر کا بان) بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆی و خێزانی بە پیشەی سەرتا شییەوە خەریك بووە٠ مخابن، لە ڕۆژی ٢٨ / ٢ / ١٩٨١ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە لە نێو دوکانی سەرتاشییەکەیدا دەستگیر دەکرێت و بۆ هەتا هەتایە بێسەر و شوێن دەکرێت، بەڵام بە پێی بەڵگەنامە و دۆکۆمێنتەکانی ژوورە تاریك و نووتەکەکانی ڕژێم دەردەکەوێت ، کە هونەرمەند (قادر کابان) لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١ / ٧ / ١٩٨١ لەسەر هەڵوێستی کوردانە و مەردانەی لە سێدارە دراوە٠

تێبینی // بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:-

١٠ سایتی ناوەندی چاپ و ڕاگەیاندنی خاك ٠ خاك تیڤی Khaktv . net لە ١٩ / ٧ / ٢٠١٦

٢٠ www.hawler.in سایتی ڕۆژنامەی هەولێر لە ٢٩ / ئاب / ٢٠٢١

لەبەرئەوەی "شوێن لە درامادا چەمك و دەلالەتی خۆی لەناو دەقدا دیاری دەكات و دەبێتە ڕوونكردنەوەو دیاریكردنی بابەت و ڕەگەزەكانی تری دراما" (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ٦٥). كەواتە دەبێت شوێنی شانۆیی لە خزمەتی نمایشە شانۆییەكەدا بێت، واتە "ئەو شوێنەی، كە تیایدا نمایش دەكرێ، بخرێتە خزمەت نمایشەكەوە و بە شێوەیەك لە شێوەكان قەناعەت بە بینەر بكات، كە شوێن بایەخی خۆی هەیە لە دروستكردنی نمایشدا" (عەزیز، ٢٠٢١، ٤٢٩).

هەر بەهۆی ئەو ڕۆڵ و پێگەیەی، كە شوێن لە بنیاتی دەقی شانۆییدا هەیەتی (ئازاد محەمەد سەعید) بەم شێوەیە پێناسەی دەكات و دەڵێت:- "شوێن، ئەو ڕووبەرەیە، یان ئەو پانتاییەیە، كە دەبێتە گۆڕەپانی قەومانی ڕووداوەكان و دروستبوونی لە كاتێكی دیاریكراودا" (سەعید، ٢٠١٣، ١٧٣). لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، كە "شوێن پێگەیەكی گرنگ بە كارەكتەر و ڕووداوەكان دەبەخشێت، كە لە دەوروبەریدا دەسوڕێنەوەو وەكو كارێكی تایبەت و بنەڕەتی دەردەكەوێ" (باشلار، ١٩٨٠، ٦)، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ درامانووس زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ شوێندا بكات، هەرچەندە درامانووس ئازادە لە بەكارهێنان و دیاریكردنی شوێندا. بۆ نموونە درامانووس دەتوانێت "هەندێ جار نووسەر لە هزری خۆیدا وێنەی شوێنێك دروست دەكات، لای مرۆڤ نامۆ بێت و لە زەینیدا نەبێت" (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ٦٧).

تەنانەت هەندێک جاریش درامانووس وێنەكێشانی هەندێك لە شوێنەكانی نێو دەقەكە بەجێ دەهێڵێت بۆ خوێنەر (بینەر)، بۆئەوەی لە ڕێگەی لێكدانەوە و پاشخانی ڕۆشنبیری و مەعریفی خۆیەوە لەناو مێشك و هزری خۆیدا وێنایان بكێشێت. كەواتە "ڕادەی هوشیاری و بیرمەندیی نووسەر ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕێت لەكاتی نووسیندا" (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ٦٦)، چونكە درامانووس "ئەو دەمەی شوێن دیاری دەكات، تایبەتمەندێتی دەقی شانۆیی و گونجاندن و بواری گۆڕینی بۆ هەر ئێرەی نمایشێك دەڕەخسێنێ، بە مەرجێك دەقەكە سنورێكی كراوە و و گوتارێكی ئێستایی هەبێت" (حەسەن، ٢٠٠٤، ١٥٩). هەروەها توانا و بەهرەو سەلیقەی درامانووس و بوونی ئەندێشەیەكی فراوان، دەبێتەهۆی كاراكردنی لە سەركەوتن و گونجاندنی هەڵبژاردنی شوێندا، تا بتوانێت "هەموو وردەكارییەكانی دیمەن و شوێن بنووسێت و دەست نیشانی بكات، كە بۆ بنیاتی دەقە شانۆییەكە پێویستە" (میلیت. بنتلی، ١٩٦٦، ٤٩٧)، بەڵام بە مەرجێك درامانووس زیادەڕەوی تێدا نەكات، بۆئەوەی ئیستاتیكای شوێن بە جوانی دەربكەوێت و بەهۆیەوە "یەكانگیرییەك لە نێوان خوێنەر (بینەر) و نووسەردا دروست بكات" (ساڵح، ٢٠١١، ٣٤).

**. جۆر و تایبەتمەندییەكانی شوێن**

سەبارەت بە جۆرەكانی شوێن لە بنیاتی دەقدا، گەلێك لە ڕەخنەگران و شارەزایان ئەم جۆرانەیان دەستنیشان كردووە، كە بریتیین لە:-

١. شوێنی ڕاستەقینە: ئەویش "ئەو شوێنەیە، كە ڕووداوەكان لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیدا ڕوویانداوەو خوێنەر (بینەر) هەستی پێدەكات. واتە شوێنێكی ئاشكرایە" (ئیبراهیم، ٢٠١١، ١٤٥). ئەمەش بەو مانایە دێت، كە شوێنی ڕاستەقینە شوێنێكی نامۆیە نییە بە مرۆڤەكان، بەڵكو، "ئەو شوێنە ئاساییەیە، كە مرۆڤ كار و چالاكییەكانی تێدا ئەنجام دەدات و ڕووداوەكانیش هەر لەوێدا ڕوودەدەن و خوێنەر (بینەر)یش بەلایەوە سەیر نییە و ڕەتی ناكاتەوە" (سەعید، ٢٠١٣، ١٧٥) نموونەی ئەو شوێنانەش وەكو:- (ماڵ، ژووری نووستن، شەقام، ناوپاس، مزگەوت، ..... تد).

٢. شوێنی گریمانە (خەیاڵی): ئەو جۆرە "شوێنەیە، كە لە خەیاڵی نووسەرەوە هەیە و لەبەرچاودا نییە" (ئیبراهیم، ٢٠١١، ١٤٥). واتە درامانووس بە خەیاڵی خۆی دروستی دەكات و لە واقیعدا بوونی نییە و پێشكەشی خوێنەری دەكات و "لەگەڵ ڕووداو و كەسەكاندا دەیگونجێنێ و لە هەندێ دەقدا دەبنە چوارچێوەیەكی دیكۆری بۆ ڕووداوەكان، كە تێیدا ڕووداوەكان لەسەری ڕوودەدەن" (سەعید، ٢٠١٣، ١٧٥). تەنانەت زۆرجار درامانووس شوێنێكی گریمانكراو بۆ بنیاتی دەقەكەی دەستنیشان دەكات، تا بەهۆیەوە ڕەگەزی ئەندێشە كردن و ئەو چێژەی ئەو دەقە دەیبەخشێت لەدەست خوێنەر (بینەر)ەكانیان نەچن.

٣. شوێنی كراوە: ئەم جۆرەیان "شوێنێكی گشتییە و تایبەتە بە هەموو كەسێكەوە، وەك شوێنێكی دەرەكی، یان بابەتی دەردەكەوێت و كەسەكان بە ئارەزووی خۆیان تێیدا هەڵسوكەوت دەكەن، وەكو:- (شار، ڕێگاوبان، گەڕەك، كۆڵان، چایخانە، دام و دەزگا، .... تد" (ئیبراهیم، ٢٠١١، ١٤٥)، یاخود "ئەو شوێنەیە، كە هەموو خەڵك بۆیان هەیە تێیدا بژین" (سەعید، ٢٠١٣، ١٧٧). ئەمەش بەو واتایە دێت، كە شوێنی كراوە تایبەت نییە بە كەسێک یاخود چەند كەسێک، بەڵكو هەموو كەسێک دەتوانێت بەكاری بهێنێت و بۆی بچێت.

٤. شوێنی داخراو: ئەو جۆرە شوێنەیە، كە "تایبەتە بە كەسێكەوە، یان چەند كەسێكەوە، وەكو:- (ماڵ، ژوور، .... تد) و لە ژێر دەسەڵاتی تاكدایە" (ئیبراهیم، ٢٠١١، ١٤٥.١٤٦). بە واتایەكی تر "گرنگ، ئەوەیە ئەو شوێنە بەكارهێنانەكەی تایبەت بێ بۆ تاكە كەسێك، یان گروپ و دەستەیەكی دیاریكراو" (سەعید، ٢٠١٣، ١٧٧). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە شوێنی داخراو لەبەردەم هەمو كەسێكدا كراوە نییە و داخراوە، جگە لەوەش هەڵسوكەوتكردن بۆ كەسەكان سنووردارە.

٥. شوێنی ئاشنا: ئەو جۆرە "شوێنەیە، كە مرۆڤ تێیدا هەست بە خۆشی و ئارامی و دڵنیایی و ئاسوودەیی دەكات و هەروەها ئاسۆكەیشی ڕوونە" (سەعید، ٢٠١٣، ١٧٦). نموونەی ئەمەش وەكو:- ماڵەوە، چونكە جیهانی یەكەمی مرۆڤە و لەوێوە ژیانی دەست پێدەكات، هۆكارەكەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەبەرئەوەی تیایدا لە دایک بووەو گەورە بووە، تەنانەت تا مردنیش خەونەكانی هەر پەیوەستن بەم شوێنەوە، هەروەک باشلار دەڵێت: " كاتێک خەو دەبینین بەو ماڵەی تیایدا لە دایكبووین، كاتێک لە قوڵایی خەوداین لەوپەڕی حەسانەوەداین، بەناو ئەو گەرمییە ڕەسەنەی فیردەوسە مادییەكەماندا ڕۆدەچین، ئەمە ئەو كەشەیە كە مرۆڤی پارێزراو لە ناویدا دەژی" (باشلار، ٣٨،١٩٨٠).

٦. شوێنی دژ: یاخود شوێنی نائاشنا بریتییە لەو جۆرە شوێنەی، "كە مرۆڤ تێیدا هەست بە ناخۆشی و نائارامی و بێ نەوایی

دەکات و ترس و دڵەڕاوکێ بۆ مرۆڤ دروست دەکات. هەروەها ئاسۆی ڕوون نییە و مەترسیدارە" (سەعید، ٢٠١٣، ١٧٦). نموونەی ئەم جۆرە شوێنەش وەکو بەندیخانە، ئۆردوگای دیلەکان. تەنانەت ماڵی تایبەتیش، کاتێک خۆشگوزەرانی و بەختەوەری تێدا نەبێت و پڕ بێت لە شەڕ و ئاژاوە، چونکە مرۆڤ لەو شوێنەدا بە ناچاری ژیانی تێدا بەسەردەبات، ئەمەش وای لێدەکات تیایدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی نەکات لەو شوێنانەدا.

هەر لەو چوارچێوەیەدا،(تۆماشێفسکی) لەبارەی جۆری شوێنەوە ئاماژە بە شوێنی کردە دەدات و دوو شوێنی تایبەت دیاری دەکات، کە بریتیین لە:-

"ـــ باری جێگیر: کاتێکە تەواوی کارەکتەرەکان لە یەك شوێندا گرد دەبنەوە.

ـــــ حاڵەتی بزواو: کاتێك کارەکتەر بۆ بینینی پێویست شوێن دەگۆڕێت" (کەسنەزانی، ٢٠١٢، ١٣٣).

هەروەها (غالب هلسا)ش لە (المكان في الرواية العربية)دا شوێنی دابەشی سەر سێ جۆر کردووە، کە بریتین لە: "شوێنی خوازەیی، شوێنی ئەندازەیی، شوێن وەک ئەزموونێکی تیا ژیاو." (هلسا، ١٩٨١، ٢١٧).

**. تایبەتمەندییەکانی شوێن لە دەقی درامیدا**

بەهۆی ئەو ڕۆڵ و پێگە گرنگەی، کە ڕەگەزی شوێن لە بنیاتی دەقی درامیدا هەیەتی و پەیوەندییەکی بەتینی بە ڕەگەزەکانی تریشەوە هەیە، دەبینین ئەم تایبەتمەندییانەی تێدایە، کە بریتین لە:-

"١. شوێنی لە دایکبوون و ژیان و گەشەکردنی کارەکتەرە.

٢. شوێنی ڕوودانی ڕووداو و گەشەکردن و کۆتایی هاتنیەتی.

٣. شوێنی سەرهەڵدانی گرێ و بەرەو پێشچوون و چارەسەریەتی.

٤. شوێنی بەرپابوونی ململانێ و گەیشتن بە ترۆپکە.

٥. شوێنی پابەندی کاتە و لە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەدان، شوێنێک لەسەر زەوی نییە لە دەرەوەی کات بێت." (حەسەن، ٢٠٠٤، ١٦٤). ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە ڕەگەزەکانی دراما (شوێن، کات، کارەکتەر. ڕووداو،....)، بە توندی بەیەکەوە بەستراون و لەیەک جیا نابنەوە، نەک هەر ئەمە،بگرە کاریگەریشیان لەسەر یەکتر هەیە.

**. بەشی دووەم**

**بنیاتی شوێن لە دەقی شانۆیی (ئەوانەی توونی بابا چوون)دا**

لە دەقی شانۆیی (ئەوانەی توونی بابا چوون)دا، پێگەی شوێن هێندە گرنگە، کە خودی دەقە شانۆییەکە بەناوی شوێنێکە،کە (توونی بابا)یە. لەو ڕووەشەوە (ئەحمەد سالار) هەڵبژاردنی ناوی شوێنی (توونی بابا) بۆ نمایشکردنی ئەم دەقە شانۆییە، هەڵبژاردنێکی تەواو گونجاو و دروستە و لە ڕووی سایکۆلۆجی و سیاسییەوە زۆر کاریگەرە و تیایدا خوێنەر(بینەر) تووشی جۆرێك شڵەژانی دەروونی دەکات و بەهۆیەوە خوێنەر(بینەر) و کارەکتەرەکان کۆدەکاتەوە و ئیحساسی هاوبەش بەرهەم دەهێنێت. تەنانەت ناونیشانی ئەم دەقە شانۆییە "لە ڕووی بونیادەوە تەواو پشت بە هەست و نەست دەبەستێت و خوێنەر (بینەر) گیرۆدەی جۆرێك لە ڕۆچوونی هەستی دەکات و تیایدا خوێنەر (بینەر) دەخاتە نێو دەریایەکی قووڵی ئاوێتەبوون و تەسلیم بوون بەو تەوژمە هەستییەی، کە تەواوی نمایش داگیردەکات" (عەزیز، ٢٠٢١، ٨٨).

واتە ناونیشان "بەهایەکی هونەری و ئەتمۆسفێری گەورەی هەیە و کاریگەری سایکۆلۆژی و هزری تایبەتی هەیە و یەکەم کۆد و یەکەم پرسیارە بەر خوێنەر (بینەر) دەکەوێت و بینەر ناچار بە هەڵوەستە و بیرکردنەوە و گەڕان بەدوای وەڵامدا بکات" (عەزیز، ٢٠٢١، ١١٩). بێگومان، بەوەش هزری خوێنەر(بینەر) دەجووڵێنێت و ئەگەرەکانی بەردەم خەیاڵ و تێفکرین واڵادەکات و خوێنەر(بینەر) هەوڵدەدات لە ڕوانگەی ناونیشانەوە پەی بە فەزای نمایش و چیرۆك و نهێنییەکانی دەقە شانۆییەکە ببات.

لەڕاستیشدا، هەروایە خودی ناونیشانی دەقە شانۆییەکە گەلێك دەلالەتی جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت. یەکێکیش لەو دەلالەتانە دەلالەتێکی ئەفسانەیی مێژوویە، کە بەهۆیەوە درامانووس دەمانباتەوە بۆ سەردەمان و مێژوویەکی زۆر کۆنی بەسەرچووی سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤی کورد لە سەردەمی ئەفسانەدا. ئەمە جگە لەوەی درامانووس دەیەوێت تەکنیك و شێوازی گێڕانەوەی چیرۆك و گرێدانی دیمەن و ڕووداوەکانی نێو دەقەکە پێکەوە گرێ بدات و بیانخاتە نێو یەك تابلۆی هونەرییەوە. بەوەش توانیویەتی خودی دەقەکە بکاتە بەشێك لە فۆرمی بینراوی نمایش. لەلایەکی تریشەوە ناونیشانی خودی دەقەکە شێوەو سەرسام بوونێکی وای هەیە، کە خوێنەر (بینەر) بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و پەلکێشی دەکات بۆ نێو ڕەوتی ڕووداوەکان و دەیەوێت لە پەیام و مەغزای درامانووس تێبگات.

هەموو ئەمانەش بەڵگەن لەسەرئەوەی، کە درامانووس ڕووبەرێکی گەورەی لێکدانەوەی لە بنیاتی دەقەکەیدا بنیات ناوەو دەقەکەش هەڵگری ئەو خاسیەتەن. لەو پێناوەشدا،هەوڵیداوە ئاماژە بە گەلێك شوێنی هەمەجۆری وەکو:-( ماڵی سالار، دیوان، دەربەندیخان، گوندی پونگڵە، شاری هەقایەت، توونی بابا، کۆنەهەوار، بازاڕ، وڵاتی کوردان، دونیا، ...تد) بدات، کە هەر هەموویان کەم، تا زۆر لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا بەکاردێن و ڕەنگیان داوەتەوە.

هەروەها درامانووس لە ڕێی ناوهێنان و بەکارهێنانی ئەو شوێنانەوە هەوڵیداوە پەیامی خۆی بدات بە خوێنەران (بینەران) و سەرنجیان بەلای دەقە شانۆییەکەدا ڕابکێشێت و کاریگەریان لەسەر دروست بکات. بۆ ئەو مەبەستەش درامانووس توانیویەتی بەرگێکی وا بەو شوێنانە ببەخشێ، کە خوێنەران (بینەران) بتوانن چێژێکی تایبەتی لێوەربگرن و پانتاییەکی سیمۆلۆژی فراوانتریش بەر نمایشی. دەقەکە بکەون و فرە تێگەیشتن و فرە بەرکەوتن ببێتە خەسڵەتێکی زیندووی دەقەکە و وا لە بینەر بکات، کە ناچاری بکات بەدوای ئەو ئاماژانەدا بکەوێت، تابەهۆیەوە هەموو فۆرمەکان بەیەکەوە گرێ بداتەوە. واتە گرنگە خوێنەر(بینەر) بتوانێت لە پەیام و مەغزای درامانووس تێبگات.

شایانی باسە، ناوهێنان و بەکارهێنانی هەموو ئەو شوێنانەش دەگەڕێتەوە بۆ توانا و شارەزایی وردی درامانووس، کە زۆرێکیان

بینیوە و شارەزایە پێیان و ئاگاداریشە بە کرۆك و ڕەوت و قۆناغی ڕووداوەکانی نێو دەقەکەش، بەڵام بۆ خستنەڕووی بابەتەکەش نەیویستووە وەکو مێژوونووسێك ئەو ڕووداو و کارەساتانە وەکو خۆیان تۆماربکات و لایەنی هونەریی دەقەکەش پەراوێز و فەرامۆش بکات و مۆرکی هونەری لە دەقەکە دابماڵێت.

واتە وەك شارەزا و خاوەن ئەزموونێکی ئەدەبی و هونەریی سوودی لە بەکارهێنانی هەموو ئەو شوێنانە بینیوە، کە لە دووتوێی دەقەکەیدا ئاماژەی پێداون و بە پێی پێویستی هونەریی و شێوازی ڕێکخستنی ڕووداوەکانی نێو دەقە شانۆییەکە و گونجاندنی لەگەڵ کارەکتەر و ڕووداوەکاندا فەزایەکی جوگرافی ئەندێشەیی دروستکردووە و "لە ڕێی ئەو فەزایەشەوە ئەو بوارەی بۆ ڕەخساوە، کە سەربەستانە مامەڵە لەگەڵ کارەکتەر و ڕووداوەکاندا بکات و داهێنانی نوێ بخوڵقێنێ و هەموو توانستی خۆی تیا بەکاربهێنێ" (سالّح، ٢٠١١، ٩٤).

دیارە،هەموو ئەمانەش دەگەڕێنەوە بۆ گرنگی و ناوەڕۆکی دەقەکە، کە ڕووداو و بەسەرهاتی بێسەر و شوێن کردنی هونەرمەند (قادر کابان)ە. بێگومان، هەموو ئەمانەش وایانکردووە، کە شوێن کاریگەری زۆر لەسەر ڕەگەزەکانی تری وەکو:- (کات، کارەکتەر، ڕووداو ...تد) دروست بکات و مەیدانی سەرەکیش(توونی بابا)یە،کە شوێنێکی واقیعییە و ڕووداوەکانیش پەیوەندییان بە قۆناغی مێژووی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی حوکمڕانی ڕژێمی بەعسەوە هەیە.

"سالار: چوون، ئەوانەی چوون ... چوون ...

هەموان: چوون، چوون، ئەوانەی (توونی بابا) چوون، ئەوانەی چوون و نەهاتنەوە. ئایا زەوی قووتی دان؟ ئاسمان هەڵیکێشان و هەڵی لووشین؟ چییان لێهات و لە کێ بپرسین و چۆن سۆراغیان بکەین؟" (سالار، ٢٠٠٤، ١٢٦).

وەك دەبینین، درامانووس بۆ گرێدانی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداو بەسەرهاتە ئەفسانەییەکەی (توونی بابا) و بەشێوەیەکی هونەری و لە بەرگێکی هونەریدا پێکەوەیان گرێ دەداتەوە.

"پیرۆز: بیرت چووەوە، تۆ خۆت باست لە حەوت دیوار بەندەکەوە ئەکرد.

سالار: تۆ بڵێ حەوت تاقەکە. حەوت تاقەکە. باشە، کە زانرا ئەو دیوار بەندانە چی ئەنوێنن؟ ئەوا ئیتر نهێنییەکە ئاشکرا ئەبێ. ئەو حەوتە مەبەستێکی گرنگی تیایە. باشە گریمان شوێن گۆڕکەیان پێ کرا، کەواتە چی ئەبێ؟

هەرسێکیان: بابەتەکە ئاڵۆز ئەبێ.

سالار: بەڵام هەر بە حەوتی ئەمێنێتەوە" (سالار، ٢٠٠٤، ١٢٦ – ١٢٧).

لێرەدا، درامانووس ئاماژە بە شوێنی (حەوت دیوار بەند) دەکات، کە شوێنێکی خەیاڵییە و دەلالەت و مەغزای تایبەتی خۆی هەیە و بەهۆیەوە ئاماژە بە کۆمەڵێ ڕووداو و بەسەرهاتی دیکە دەدات بە تایبەتیش لە بەکارهێنانی ژمارە (٧)، کە لە واقیعدا ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێ ڕووداو و بەسەرهاتی مێژوویی، کە بە شێوازی جۆراوجۆر جەخت لەسەر ڕۆڵ و گرنگی ژمارە(٧) دەکەنەوە. بۆ نموونە خوای گەورە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و قورئانە پیرۆزەکەیدا لە سورەتی (المؤمنین)دا ئایەتی (٨٦) باس لە حەوت تەبەقەی ئاسمان دەکات، هەروەکو دەفەرموێت:-

((قل من رب السموات السبع و رب العرش العظيم)).

هەروەها لە کتێبی ئاینی یارسانیشدا هاتووە، کە "پێڕەوانی ئەم مەزهەبە باوەڕیان بە گەڕانی گیان و دۆنادۆن هەیە و لەسەر ئەو باوەڕەن، کە کردگار حەوت جار لە گێتیدا دەردەکەوێ و خۆی دەنوێنێ" (خەزنەدار، ٢٠٠١، ٥٤). هەروەها ژمارەی ڕۆژەکانی هەفتە، کە ژمارەیان(٧)ە، یان لە هەندێ شوێندا لە ئیدیۆمی کوردیدا هاتووەو بەکاردەهێنرێت، وەکو دەوترێت:- "حەوت پەراسووی لە ئۆمەتی (محەمەد - د-خ – زیاترە" (محەمەد، ٢٠٢١، ٩٩)، یان دەوترێت:- "حەوت کفنی زەرد کرد" (محەمەد، ٢٠٢١، ١٠٠)، یان دەوترێت:- "حەوت بەردی بە دوادا هەڵدا" (محەمەد، ٢٠٢١، ١٠٠) ...تد.

درامانووس لە بەکارهێنانی هەموو ئەو شوێنە واقیعی و خەیاڵیانەدا، دەیەوێ ئێمەی خوێنەر زیاتر ڕابکێشێتە نێو پانتایی ڕووداوەکانە و پاشخانێکی مەعریفیمان لە لا دروست بکات، تا هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا بڕۆین و بە وریاییەوە مامەڵە بکەین و وشیار بین. ئیدی بەو شێوەیە، درامانووس لە گێڕانەوە و خستنەڕووی ڕووداوەکان بەردەوام دەبێ و بەهۆیەوە زیاتر ئاشنامان دەکات بە بوون و جۆری شوێنەکان و زۆر شێلگیرانەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بابەتی ئەفسانە پەیوەندییەکی پتەوی بە ژیان و بوارەکانی ئەدەبەوە هەیە، هەربۆیە پێشکەشکردنی زۆر لەو ڕێوڕەسمە ئەفسانەییانە، بۆئەوەیە، کە خوێنەران (بینەران) زیاتر سوود و چێژ لە دەقەکە وەربگرن و پردێکی پەیوەندیش لە نێوان ئەفسانە و شانۆدا بنیات بنێت. بۆ ئەو مەبەستەش توانیویەتی سوود لە ناوی گەلێك شوێنی ئەفسانەیی وەکو (وڵاتی هەقایەت) وەربگرێ، کە لە واقیعدا بوونی نییە و شوێنێکی خەیاڵییە.

"ئەستێرەوان: سڵاو لە شاهی شاهان، پاشای وڵاتی هەقایەت.

شا: سڵاو. ئادەی، با بزانین بۆچی شازادە نازەنینی کچمان مەلوولە و پەستیی بەری نادات" (سالار ، ٢٠٠٤، ١٢٧)

وەك دەبینین، ئەو بایەخدان و ئاوڕدانەوەیە و ئەو شێوازی بەرجەستەکردنی ئەفسانەیە لەخۆوە نەهاتووە و (وڵاتی هەقایەت) ئەو شوێنە خەیاڵییە بۆتە زەمینەی بەشێك لە ڕووداوەکانی نێو دەقەکە و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە بنیاتی دەقە شانۆییەکەدا.

بێگومان، ئەمەش بۆئەوەیە، کە "دەسەڵاتی ئەفسانە خوێندنەوەی ناخ و ڕۆحی مرۆڤە لە گشت سەردەمەکاندا، نەهێشتنی جیاوازییە لە نێوان ڕۆحی مرۆڤ و ڕۆحی زەوی، قووڵبوونەوەیە بۆ ناخ ... هەروەها دەسەڵاتی ئەفسانە تەنیا خوێندنەوەی ئەفسانە نییە لە ڕوانگەی پەتیی میثۆلۆژیاوە، بەڵکو قووڵتر باسکردنی پەیوەندییەکانە، چونکە ئەفسانە پەیوەندی بە کەشوهەوا و توانا و دەوروبەری مرۆڤیشەوە هەیە" (کەمبڵ ، ٢٠٠٨، ٩).

درامانووس لە میانی گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو دەقەکەدا، ئاماژە بە گەلێك شوێنی وەکو:- (ژووری میوان، توونی باوە عەمرە ...تد دەکات)، کە هەموو ئەوانەش نیشانەی ئەوەن، کە درامانووس توانیویەتی لە نێو شوێنی خەیاڵیدا شوێنی واقیعیش بەرجەستە بکات.

"هونەر: باوکە پەیامنێری تەلەفزیۆنە و ئەڵێ بۆ دیمانەی باوکت هاتووین.
سالار: باشە بەخێر بێن سەرچاوم، کوڕم نەیان وت کام کەناڵەیە؟ نەتناسین؟ دەی خێراکە فەرموویان لێ بکە با بفەرموونە ژووری میوان. ئا پیرۆز چایەکیان بۆ لێنێ.
سەد لە سەد بۆ باسی ئەم بەرهەمەم هاتوون ،ئای (تووتی باوە عەمرە) چۆن منیشت ون کرد" (سالار، ٢٠٠٤، ١٣٠)
ئیدی بەو شێوەیە، درامانووس لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوەکان و دیمانە تەلەفزیۆنییەکەیدا، ئاماژە بە شوێنەکان و پێگەکانی ناوچەکانی (بابا عەمرە) و دەربەندیخان و خڕێ دەرەوێن و گوندی پونگڵە، ڕووباری سیروان دەدات، کە بەشێکی ناوی ئەو شوێنانە شوێنی تایبەتی و گشتین.
"منیش ئەڵێم: پێشەکی سوپاستان ئەکەم. بان چاوان هاتن. ئەم بەرهەمەم (ئەوانەی تووتی بابا چوون) کەوتۆتە ناوچەی دەربەندیخان نێوانی خڕێ دەرەوێن و گوندی پونگڵە. واتە ڕووباری سیروان ڕۆژهەڵاتیەتی." (سالار، ٢٠٠٤، ١٣٠). وەك دەبینین، ناوی شوێنی (تووتی بابا) شوێنێکی واقیعی و ئەفسانەییە و تایبەتە بە ناوچەیەکی دیاریکراو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا شوێنێکی گشتییە، چونکە هەمووکەسێك دەتوانێت بچێت و سەردانی بکات. هەروەها ناوی شوێنەکانی (دەربەندیخان) و (خڕێ دەرەوێن) و (گوندی پونگڵە)ش بە هەمان شێوە کۆمەڵێك ناوی شوێنی واقیعی تایبەتن، بەڵام خەڵکی دیکەش دەتوانن بچنە ئەو شوینانە و سەردانیان بکەن و زانیاریان لەسەر وەربگرن.
شایانی باسە، شوێنی (تووتی بابا)، کە بنیاتی دەقەکەی لەسەر بنیاتنراوە، ڕووبەرێکی بەرچاوی بۆ تەرخان کراوە و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ڕووداوەکانی دەقە شانۆییەکەیە و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر کارەکتەرەکان و گێڕەرەوە، بەڵام بۆ بەشێکی تری شوێنەکانی تر درامانووس بەشێوەیەکی خێرا ناویان دەهێنێت و ئاماژەیان پێدەدات و بەسەریاندا تێدەپەڕێت و بەپێی پێویست تیشکی خستۆتەسەریان.
"پیرۆز: شەنگە گیان، برۆ باوکت لە خەو هەڵسێنە، وا نیوەڕۆیە، قۆری و پیاڵەکان لائەبەم. (شەنگە ئەڕوات باوکی خەبەرکاتەوە)، چاك ئەم پیاوە سەری خۆی بەم تووتی بابایەوە جەنجاڵ کردووە، لە ئەوەڵەوە خەتاکەش خەتای من بوو. دیارە، درەنگ خەوی لێکەوتووە ... (شەنگە دێتەوە)
پیرۆز: ها کچەکەم خەبەرت کردەوە؟
شەنگە ئەڵێ: با خەونەکەم بیرنەچێتەوە، بە بینراو ئەیان نووسمەوە .. تازە نان بەیانی ناخۆم" (سالار، ٢٠٠٤، ١٣٤)
بەهەرحاڵ، شوێن قەوارە و ئەندازە و تۆپۆگرافیای خۆی هەیە، هەندێکجار لە لایەن درامانووسەوە وردەکاری تۆپۆگرافیای شوێن وەسف دەکرێت، یان دەخرێتە بەرچاو. دیارە،(تووتی بابا) لەلای درامانووس بەشێوەیەك زاڵبووە بەسەریدا، وای لێکردووە سنوری خەیاڵ ببەزێنێ و بچێتە ناو فەنتازیاوە، هەربۆیە لە دووتوێی گێڕانەوە و خستنە بەرباسی شوێنە بەکارهاتووەکاندا، دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمە زووەکانی پێش زایین و ئاماژە بە هەندێك شوێنی ئەفسانەیی دیکە دەکات

وەکو:- (شاری هەقایەت)، کە لە ڕاستیدا مەبەست لێی شاری سلێمانییە.
"نازەنین: دیاری لە شاری هەقایەتەوە بۆ سالاری هاومەبەستمان، بڕوانە ئەم کڵاوە(کڵاوێکی پیشان ئەدات) ئەمە لای ئێوە بە (کڵاوی سحری جن) ناسراوە، ئێمە پێی ئەڵێین:- (کڵاوی گرەوەی بەخت بردنەوە) .. ئەمە هەر کاتێ لەسەرت کرد نابینرێی، بەڵام تۆ خەڵکی ئەبینی. ئا ئەم زەنگۆڵە گچکەی قوچکەکەش بۆ بەدەنگەوەهاتنە. فەرموو بیگرە منیش ئەگەڕێمەوە شارەکەم. بە ئومێدی کۆششی یەکخستن. ماڵئاوا" (سالار، ٢٠٠٤، ١٣٢)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوی (شارەکە)یشی هێناوە، کە ناوێکی گشتییە.
ئیدی بەهۆی زۆری شوێنەکان و جووڵانەوەی بەردەوامی کارەکتەرەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، وایکردووە کارەکتەر لە هەندێ شوێندا هەست بە ئاسوودەیی دەکەن و گۆگری شوێنەکان دەبن و لە هەندێك شوێنیشدا بە پێچەوانەوە.
"هونەر: تا بازاڕ ئەڕۆم، زۆرم پێ ناچێ، زوو ئەگەڕێمەوە.
پیرۆز: باشە کوڕەکەم ئاگات لە خۆت بێ، لەگەڕانەوەتا سەرێ لە دایە وەنەوش بدە، بڵێ بۆیە باوکم دیار نییە، ئەم ماوەیە تۆزێ سەرقاڵە، با دایە وەنەوش غایلە نەکات، کە کوڕەکەی سەری لێ نادات" (سالار، ٢٠٠٤، ١٣٥)
ئاشکرایە، زۆربەی کات ماڵەوە شوێنێکی ئارامە و مرۆڤەکان تێیدا ئارام و ئاسوودە دەبن، بەڵام شوێنێکی وەکو بازاڕ، چونکە شوێنێکی جەنجاڵ و قەرەباڵغە و جۆرەها کەسی جۆراو جۆری تێدایە، هەمیشە بۆتە شوێنێکی نائارام و بەکەڵکی ئەوە نایەت، مرۆڤ بەردەوام تێیدا بمێنێتەوە و شوێنێکی پەرەستێنە.
وەك دەبینین، درامانووس بەهۆی ئەو گرنگی دانە زۆرەی بە تووتی بابا وایکردووە، کە هەموو ئەو زانیاریانەی خستوونیەتی ڕوو لەبارەی سروشت و جۆری دەقە شانۆییەکەوە، دەردەکەوێت جۆرە کاریگەرییەکی تایبەتی لەسەر هزر و بیرکردنەوەی درامانووس و کەسانی ناو دەقە شانۆییەکەوە دروست کردووەو خستوونیەتیە بارێکی دەروونی نائارامەوە، چونکە هەڵگری پەیامێکی سیاسییە و تێیدا هونەرمەندی گەورەی وەکو (قادر کابان) بێسەر و شوێن کراوە و بەهۆیەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمێکی پڕ لە قات و قڕی و بێسەر و شوێن کردن و لەناوبردن، کە سەردەمی ڕژێمی بەعسە. ئەمەش وایکردووە، کە درامانووس بەئاگایی و وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و ناوی شوێنەکان و کارەکتەرەکان و تەواوی ڕەگەزە بەشداربووەکانی نێو دەقە شانۆییەکە بکات.
"پیرۆز: گریمان تووشی خەو زڕان بووی ... ها؟
سالار: ئافەرین، ئەمەش ئەبێتە بینراوێك ... دکتۆرم بۆ بانگ ئەکەیت، دکتۆری دیار ... دکتۆری دەروونناسی... ئیتر (کەسایەتی دکتۆر خۆی ئەنوێنێ)
سوپاس دکتۆر گیان، ئەزانی گرفتەکەی من لە کوێوە دەست پێدەکات، حەزئەکەم پێشەکییەکت بخەمە خزمەت ..... بەڵێ ماوەیەکە سەرقاڵی بابەتێکم، ئەویش بابەتی تووتی بابایە ..... بۆچی تووتی بابا؟
دکتۆر: بۆچی تووتی بابا؟

سالار: مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی بووم، ئەو ڕۆژە وادەی تاقی کردنەوەی پراکتیکی ئەو قوتابیانە بوو، کە پێشکەشی پەیمانگایان کردبوو بە ئومێدی وەرگرتنیان. ئێمە چەند مامۆستایەك بووین لە ڕیزی یەکەمی بەر تەختەی شانۆکەدا دانیشتبووین، ناوی قوتابییەك خوێنرایەوەو بانگ کرا بۆ سەر شانۆکە. مامۆستا (بەدیعە دارتاش) یادی بەخێر، وتی: ئەزانن کوڕی کێیە؟ ئەم قوتابییە؟

سالار: بەڵێ

بەدیعە دارتاش: (بە چرپە) کوڕی هونەرمەندی بێسەر و شوێنەکەیە ... کوڕی (قادر کابان)ە" (سالار، ٢٠٠٤، ١٣٨–١٣٩)

وەك دەبینین، جگە لە گەیاندنی پەیامە سیاسییەکە، کە ڕووداوی سەرەکی دەقە شانۆییەکەیە، درامانووس هونەرمەندانە کۆمەڵێ شوێنی وەکو:- (پەیمانگای هونەرە جوانەکان)، کە شوێنێکی ڕاستەقینەی پەرەسێن و گشتییە،(شاری سلێمانی) بە هەمان شێوە، شوێنێکی واقیعی و پەرەسێن و گشتییە، (بەردەم تەختەی شانۆکە) شوێنێکی واقیعی تایبەتییە .. بەکار هێناوە. ئەم شوێنانە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە و سنور و ماوەیان لە نێواندایە و درامانووس بەکاری هێناون و خۆی بە تاکە شوێنێکەوە نەبەستۆتەوە.

ئیدی بەم شێوەیە، درامانووس بە مەبەستی زیاتر خستنەڕووی بابەتەکەی و پەردە هەڵماڵین لەسەر دژوارییەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە، بەدەم گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەمان گێڕێتەوە زۆر کۆنی مێژوویی، کە ئەویش سەردەمی حەزرەتی (سلێمان)ە (د.خ) ،کە چۆن هۆکاربووە لە ڕێی دوعاو نزاکانیانەوە باران بباریێ و بەهۆیەوە پەیامی خۆشەویستی و خۆش گوزەرانیش بدات بە نەتەوەکەی. بەو هۆیەشەوە ئاماژەشی بە بەکارهێنان و ناوی کۆمەڵێ شوێنی وەکو:- (دەروازە، خوێدان، مانگ، ئەستێرە، ...تد) داوە، کە هەریەکەیان شوێنێکی دیار و خاوەن تایبەتمەندێتی خۆیانن، بۆ نموونە (دەروازە) شوێنێکی گشتی کراوەیە. هەروەها شوێنەکانی تری وەکو:- (مانگ) و (ئەستێرە) لە بنەڕەتدا دوو شوێنی واقیعی تایبەتی داخراو و ناهۆگرن، چونکە مرۆڤ ئارەزووی مانەوە ناکات تیایاندا.

"نازەنین: بڕوانن... ئەوە دەروازەی دووەمە. ئەو دیواربەندە قاڵیچە ڕەنگاوڕەنگەکەی حەزرەتی (سلێمان)ەو، بڕوانن نزای باران بارین لە یەزدان ئەکات. قاڵیچەیەکی جوان و ڕازاوەیە وێنەی چەندەها باڵندەی لەسەر نەخش کراوە ... ئەوەش دەروازەی سێیەم، فەرموون بڕوانن شەن و سێلك و بێژنگ و جەواڵ و هۆڕیان بەدەستەوەیە و ڕووەو خەرمانێکی کوتراو ئەچن... ئەوە کەسێکە و خوێدانێکی بەدەستەوەیە و مەڕ و بزن لەسەر گاشە بەردەکان خوێ ئەدات ..." (سالار، ٢٠٠٤، ١٤٠)

جێی وەبیرهێنانەوەیە، درامانووس لە میانی بنیاتی دەقە شانۆییەکەیدا توانیویەتی هونەر مەندانە سوود لە تەکنیکی خەیاڵ وەربگرێ و سەربەستانە پێگەی گەلێك شوێنی خەیاڵی لە دەقەکەیدا جێ بکاتەوە و بە پێی پێویستی هونەری و ڕێکخستنی ڕووداوەکانی دەقەکەی و گونجاندنی لەگەڵ کارەکتەر و ڕووداوەکاندا فەزایەکی جوگرافی خەیاڵی بنیات بنێت و لەو ڕێگەیەشەوە داهێنانی نوێ بنیات بنێت. واتە "فەزا جوگرافییە خەیاڵییەکەشی لەسەر بناغەی جیهانی واقیع بنیات ناوە. واتە سوودی لەسەرچاوەی واقیع وەرگرتووە بۆ وێنەکێشانی ئەو فەزایە" (ساڵح، ٢٠١١، ٩٤).

دیارە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کرۆکی دەقە شانۆییەکە، کە بێسەر و شوێن کردنی هونەرمەند (قادر کابان)ە. کەواتە لە ڕووی هونەرییەوە ئەم کارەی درامانووس بارگاوی کردنی خەیاڵە بە واقیع و چێژ و جوانی و بەهای کاری ئەدەبیش لەو بارگاوی کردنەدا خۆی دەبینێتەوە. بەڵگەش بۆ هەموو ئەمانە، ئەوەتا درامانووس لەگەڵ زیاتر شۆڕبوونەوەی بە ڕەوتی ڕووداوەکاندا لەڕێی (توونی بابا)وە ناوی هەندێك شوێن ئەهێنێت لە (تووتی بابا)دا، کە شوێنێکی خەیاڵیین و درامانووس لە ئاستیاندا وەستاوەو وەسفیان دەکات. نموونەی ئەو شوێنانەش وەکو:- (تاق) و (شاری هەقایەت) ... تد.

"لاوە: یەکەممان دی، دووەممان دی ... بەڵێ ئەوا گەیشتینە دوا تاق، کە پێنجەمین تاقە قسەکەی تۆیە، ئەبوو حەوت تاق بووایە، ئەی دوانەکەی تری!

سالار: کێشەکەی ئێمە بۆ ئەو دوو تاقە بزرکراوە دەگەڕێتەوە، چیان لێهاتووە؟ بۆ کوێ براوە؟ ئەم هەموو بەڵایە بەسەر شاری یارانی هەقایەت هاتووە یارانی شاری ئەمڕۆش. وەرە با شتێك بکەین، ڕەنگە باری ڕاستییەکەمان بۆ دەرکەوێ.

لاوە: چۆن؟

سالار: با سەیری بابەتەکانی تاق بە تاق بکەین و ئەوسا بزانین چی لێ دابڕکراوە؟

لاوە: چی لێ دزراوە. دیارە بە ناتەواوی واتاکەدا دەرناکەوێ.

سالار: با پیادا بچینەوە" (سالار، ٢٠٠٤، ١٤١).

وەك ئاشکرایە، لەگەڵ بەردەوام بوونی ڕەوتی ڕووداوەکاندا، درامانووس بە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە شوێنی بێسەر و شوێن کردنی هونەرمەند (قادر کابان) دەکات، کە کونجی زیندانە و شوێنێکی ناهۆگر و نامۆیە. مخابن، ئەو ڕەوشەش زادەی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کوردە، کە ڕۆڵە تێکۆشەر و بە هەڵوێستەکانی بەدرێژایی مێژوو لەسەر هەڵوێست و بیروباوەڕی سیاسیان ڕووبەڕووی بوونەتەوە. "زیندان ئەو شوێنە دژبەرەیە، کە بە پێی یاساکانی جیهان بۆ سزادانی تاوانباران و لادەران لە یاسا بەکاردێت. لە وڵاتی ئێمەشدا شوێنی خەباتگێڕان بووە. قوتابخانە بووە بۆ فێربوونی خەباتکردن و بەردەوامی لەسەر ئەو ڕێگە پیرۆزە و دووپاتکردنەوە و دانووسان لە پارێزگاری خاك و نەتەوەدا" (ساڵح، ٢٠١١، ١١٩).

"لاوە: نازەنینەکەم. ئەمەش ناوەڕۆك و بابەتی تاقی سێیەمین دەروازەیە. ئا ئەو نووسینانە گوزارشت لە کوشتن و بڕین و وێرانکاری و ئەتك ئەکات. بڕوانە ئەها لەم دیواربەندەدام چۆن شمشێر لە گەردن ئەدا و خوێن تا تەپڵی سەر فیچقە ئەکات ... (ئەها شمشێر پیشانی بینەران ئەدرێ)" (سالار، ٢٠٠٤، ١٤٢).

لەڕاستیدا، درامانووس لەم دەقە شانۆییەدا بە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە زیندانی ئەمنی سلێمانی دەکات، کە شوێنێکی تا بڵێی

ترسناك و پڕ ئەشكەنجە و ئازار بووە بۆ هەموو كوردێكی خاوەن هەڵوێســـت، كە دژ بووایە لەگەڵ ڕژێمی بەعســــدا، بۆیە پاش ئازادكردنی باشــوری كوردســـتان لە بەهاری ســاڵی ١٩٩١ دا، ســــەرجەم دامودەزگاكانی ڕژێمی بەعس دەكەونە ژێر دەســـتی ڕۆڵەكانی گەلی كوردەوە، یەكێكیش لەو شــوێنانە دەزگای ئەمنی ڕژێمی بەعس بوو لە ســـلێمانی، كە لە نێو خەڵكدا بە (ئەمنە سوورەكە) بەناوبانگە.

درامانووســـیش پاش ســـۆراخ و گەڕانێكی زۆر بۆ دۆزینەوە و بەسەركردنەوەی زیندانیەكان، دەبینێت زیندانییەكان نەماون و بۆ هەتا هەتایە خەویان لێكەوتووە و كۆتایی بە ژیانیان هاتووە. لەمەوە بۆمـان دەردەكەوێـت، كە ئەو شـــوێنە نـاهۆگرە پڕ مەترســـییە كاریگەری تەواوی لەســـەر هزر و ئەنـدێشـــەی درامانووس كردووە و تەنانەت بۆتە بەشـــێك لە ناوانی دەقە شـــانۆییەكە. واتە ئەم شـــوێنە ڕۆڵی خۆی لە بنیاتی دەقەكەدا بینیوە.

"پیرۆز: دەنگت نەبوو، وتمان دیارە خەوتووە.

سـالار: من نەخەوتووم، ئەوان خەوتن ... پاش ئەوەی تەواو مانـدوو بوون. دوو تـاق ونە ... نییە .. كوێوە چووە .. چ دەستێ هەڵیكەندووە و بۆچی هەڵیكەندووە؟ ئەوان خەوتن .. شـای دڕندە و دێو و درنج. گشـت خرۆشـان چاو چڵكنێكیان نارد سۆراغیمان كات ..." (سالار، ٢٠٠٤، ١٤٣)

ئیدی بەو شێوەیە، درامانووس كۆتایی بە گێڕانەوەو خستنەرووی ئەو ڕووداو و بەســـەرهاتە پڕ تراجیدیایانە دەهێنێت و مژدە و پەیامی سەركەوتنیش دەدات بە گوێی خوێنەران (بینەران)دا.

"سـالار: تەواو ... تەواوبوون ... ئەوە نازەنین، ئەو بەیانییە بە بەرگی سـەرتاشـینەوەو گوڵێكی سـووری بە دەسـتەوە گرت و ڕووی لە بـانیژە بەركراوەكەی كۆشـــكی شــــاهـانە كرد و ورد ئەیڕوانی. چـاوەڕوانی چـاو نەترســـێكی لە (لاوە) جەربەزەتری ئەكرد لێی وەرگرێ و بۆی لەسـەر پەرچەم دا" (سـالار، ٢٠٠٤، ١٤٤).

لە كۆتـاییدا، ئەوەمـان بۆ دەردەكەوێ، كە شـــوێن ڕووبەرێكی بەرچـاوی لە بنیـاتی دەقەكەدا بینیوەو كـاریگەری تەواویشی— لەسەر ڕەگەزەكانی تریش دروست كردووە.

### ئەنجام

لە كۆتـایی لێكۆڵینەوەكەدا گەیشـــتینە ئەم ئەنجـامـانەی خوارەوە:-

ـــــ شوێن یەكێكە لە گرنگترین ڕەگەزەكانی دەقە شانۆییەكە و ئەركی جۆراوجۆر دەبینێـت لە بینـای كـارەكتەر و گەشـــەی ڕووداوەكاندا.

ـــــ شوێن جێی بایەخ و گرنگی پێدانی درامانووس بووە، چونكە كاریگەری تەواوی لەســـەر باری دەروونی و هەســـت و ســـۆزی دروست كردووە.

- درامانووس بە ناڕاستەوخۆ و لە ڕێی بەكارهێنانی (توونی بابا)وە ئاماژە بە زیندانی ئەمنە سوورەكە لە سلێمانی دەكات و بە توونی بابای تەشـــبیە كردووە لەوەدا، كە هەركەســـێك بخرێتە ئەو زیندانەوە بێســـەر و شـــوێن دەبێ و جارێكی تر ژیان نابینێتەوە و لەناو دەبرێت.

ـ بەكارهێنان و سوود وەرگرتن لە ڕەمز ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە گەیاندنی پەیامی درامانووس دا بۆ خوێنەران (بینەران).

ـــــ درامانووس هونەرمەندانە توانیویەتی سوود لە بەكارهێنانی گەلێك لە جۆرەكانی شـوێنی وەكو:- (واقیعی ، خەیاڵی، گشـتی، تایبەتی، ئاشـــنا، نائاشـــنا ..) وەربگرێت و لە بنیاتی دەقەكەیدا ڕەنگیان پێ بداتەوەو بەرجەستەیان بكات.

ـــ دەقە شانۆییەكە، دەقێكی واقیعی بەڵگەنامەییە بۆ قۆناغێكی مێژوویی بە تایبەتی ســـەرەتای ســـالانی هەشـــتاكانی ســـەدەی ڕابردوو، كە تێیدا پیاوانی ڕژێمی بەعس زۆر دڕندانە كەوتبوونە گیانی ڕۆڵەكانی گەلی كوردەوەو بە دەیەها شـێوازی جیاواز ئازار و ئەشكەنجەی خەڵكیان دەدا.

### سەرچاوەكان


- قورئانی پیرۆز.

**-كتێبە كوردییەكان:**

1. ئیبراهیم،ئاریا(د)،(٢٠١١)، شێوازە ئەدەبییەكانی ڕۆژنامەی خەبات (٢٠٠٣-٢٠٠٦)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
2. حسەین، شیلان عومەر (٢٠٠٩)، ئیدیۆم چەشن و پێكهاتنی لە زمانی كوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
3. حەسەن،مەولود ئیبراهیم(د)،(٢٠٠٧)،پێكهاتەی ئەفسانەی كوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
4. خەزنەدار،مارف(د.)، (٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی كوردی،ب١،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
5. ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا(د.)، (١٩٧٩)، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چاپخانەی زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.
6. سالار، ئەحمەد (٢٠٠٤)، ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار، دەزگای ئاراس، هەولێر.
7. ساڵح، تانیا ئەسعەد محەمەد (٢٠١١)، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمـانی كوردیـدا (هێلانە، ئەژدیهـا)، دەزگای ســـەردەم، سلێمانی.
8. ســـمۆ، ئیبراهیم ئەحمەد(٢٠٠١)، كـاریگەری كەلەپووری كوردی لە شانۆی كوردیدا، چاپخانەی خەبات، دهۆك.
9. ســـەعید، ئازاد محەمەد(٢٠١٣)، كورتیلە چیرۆكی كوردی لە باشوری كوردستاندا (١٩٧٠-١٩٧٩)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
10. شـــارەزا،كەریم(٢٠٠٥)،ئەفســـانە لە شـــیعری هاوچەرخی كوردیدا،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
11. عەبـدوڵڵا،پەروین(٢٠٠٨)، ڕەگەزەكـانی درامـا لە شـــیعری لیریكی كوردیدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
12. عەزیز،حەمەسـوار (٢٠٢١)، ئێسـتاتیكای تاریكی، چاپخانەی تاران، تاران.
13. عەلی، جەلال مەحمود (١٩٨٢)، ئیدیۆم لە زمانی كوردیدا، چاپخانەی حسام، بەغدا.
14. عەلی، حسێن سابیر(٢٠١٢)، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەكانی (كاكە مەم بۆتانی)دا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
15. كەسنەزانی، بوشرا (٢٠١٢)، پلۆت لە چیرۆكی كوردیدا(١٩٩٥-٢٠٠٥)، چاپخانەی لەریا،سلێمانی
16. كەمبڵ، جۆزێف (٢٠٠٨)، دەسـەڵاتی ئەفسـانە، و.سـەلاح حەسەن پاڵەوان، دەزگای ئاراس، هەولێر.
17. محەمەد، زەكیە ڕەشید (٢٠٢١)، خەرمانێك لە دەستەواژەو ئیدیۆمی كوردی،چاپخانەی كارۆ، سلێمانی.

18. موکری، کامەران (١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ب١، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

19. موکریانی، گیوی (٢٠١٢)، فەرهەنگی مەهاباد، دەزگای ئاراس، هەولێر.

20. هەژار (١٣٨١)، هەنبانە بۆرینە، چ٣، چاپخانەی سروش، تهران.

**.کتێبە عەرەبییەکان:**

21. اسماعیل، عناد غزوان (د)، (١٩٧٨)، الشعر والفكر المعاصر، الشكل والمضمون في الشعر العربي المعاصر، مطبعة دارالحرية، بغداد.

22. باشلار، جاستون(١٩٨٠)، جماليات المكان، ت٠ غالب هلسا، ط٢،مطبعة دارالحرية، بغداد.

23. العوفي، نجيب (١٩٨٧)، مقاربة الواقع في القصة القصيرة المغربية من تآسيس الى التجنيس، مطبعة دار البيضاء، المغرب.

24. غالب هلسا، المكان في الرواية العربية، مجموعة من الباحثين،ط١، دار رشد للطباعة والنشر، لبنان،١٩٨١.

25. ميليت، فرد٠ب، بنتلي، جيرالدايس (١٩٦٦)، فن السرحية،ت٠صدقي خطاب، مطبعة دار الثقافة والنشر، بيروت.

**.نامە ئەکادیمییەکان :**

26. حەسەن، یاسین ڕەشید (٢٠٠٤)، ناوەرۆك و تەکنیکی درامای کوردی (١٩٩١- ٢٠٠٢)، ماستەرنامە، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

27. مەجید، دیار فایەق (٢٠٠٨)، بونیاتی وەسف لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولود مەم)دا، ماستەرنامە، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغداد.

28. محەمەد، ئیبراهیم قادر (١٩٩٧)، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا (١٩٧٠- ١٩٨٠)، دکتۆرا نامە، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.

**. سایتە ئەلەکترۆنییەکان :**

29. سایتی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك Khaktv.net لە ١٩ / ٧ / ٢٠١٦.

30. سایتی ڕۆژنامەی هەولێر www.hawler.in لە ٢٩ / ئاب / ٢٠٢١.